# به فراوانكردنی پانتایی دیموكراتی و ئاوڕدانەوە لە گوزەرانی خەڵك
# گیانی ڕاپەڕین زیندوو دەكرێتەوە

جەماوەری كوردستان...

ئەمڕۆ شازدە ساڵ بەسەر یادی راپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵكی كوردستان تێدەپەڕێ، كە لە 5ی ئازار خەڵكی رانیەی قارەمان دیواری ترسی رژێمی داگیركەری بەعسیان رووخاند و دواتر رق و تورەیی خەڵك لەسەر تاسەری كوردستان بەرووی زوڵم و ستەمی زیاتر لە هەفتا ساڵەی داگیركاریدا تەقیەوە.

راپەڕین وەرچەرخانێكی گرنگ بوو لە مێژووی خەباتی رزگاری خوازی گەلەكەمان كە بۆیەكەمجار بەشێكی زۆری باشوری كوردستان ئازاد كرا و دواتر پەرلەمان و دەسەڵاتی خۆماڵی لەسەر دامەزرا و بوو بە ناوەندێك بۆ گۆڕانكاری لە عیراق و رووخانی رژێمی بەعس.

گیانی خەڵكی راپەڕیوی كوردستان لەپێناو رامالینی دەسەڵاتی داگیركەر و بەدەست هێنانی ئازادی و دامەزراندنی دەسەڵاتێكی دیموكرات و دادوەر هێندە بەهێز بوو، لە ئاگرو ئاسنی دكتاتۆر سڵی نەكردەوە و ئیرادەی ئازادی خوازانەی خۆی سەپاند، بەڵام ململانێی نا مەشرووعی حزبایەتی، شەڕی ناوخۆ، نا بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی كوردی و ناداوەری و هەڵاوێركردنی خەڵك لەسەر ئینتمای حزبی و خۆ دەوڵەمەندكردنی بەرپرسان لەسەر حسابی ئەم خەڵكە تێكۆشەرە، بوونە هۆكار تا نەتوانرێ گیانی راپەرین بە زیندوویی رابگیرێ و بخرێتە خزمەت ئاوەدانكردنەوەی نیشتمانی سوتماك و بەدەستهێنانی زۆرترین دەسكەوتی نەتەوەیی، نادادوەری بە جۆرێك پەرەی سەند كە خەڵك نا ئومێد بێ و نیشتیمان جێبێڵێ و باوەڕی بە گۆڕنكاری لاوازبێ. ئامانجی راپەڕ ین كە خۆی لە كیانێكی نەتەوەیی چەسپاو و دەسەڵاتێكی دادوەرو دیموكرات دەبینێتەوە، تا ئێستاش دوای شازدە ساڵ لە حوكمڕانی خۆماڵی لە قوناغی سەرەتاییدان و نەمەییون.

بۆیە پێویستە لە شانزەمین ساڵیادی راپەڕیندا جەماوەری كوردستان بە هەمان گیانی راپەڕین لە دەوری یەكتر كۆببنەوەو بەشێوەیەكی شارستانی فشار لەسەر دەسەڵات دروست بكەن تا دەسەڵات ئاوڕ لە ژیان و گوزەرانی ئەم خەڵكانەی بداتەوە، كە ئەو دەستكەوتانەیان بەدەست هێناوە.

پێویستە لەسەر جەماوەری كوردستان هیچ بوارێك بۆ دەسەڵات نەهێڵنەوە لە خۆدزینەوە لە جێبەجێ كردنی ئەو بەڵێنانەی كە لە هەڵبژاردنەكان بە خەڵكیان داوە، بەو مەبەستەی هەنگاوێك لە ئامانجەكانی راپەڕین نزیك ببینەوە.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی راپەڕین و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری و ئازادی..

**بەڵێ بۆ گۆڕان..** **بەڵێ بۆ پێشكەوتن..**

**دەستەی كارگێڕی**

**بەرەی گۆڕان**

2007/3/5